نابێت هیچ یەکێکتان بە چەك ئاماژە بۆ براکەی بکات، چونکە لەوەیە شەیتان وایلێبکات لە دەستی دەربچێت، بۆیە دەکەوێتە نێو چاڵێك لە ئاگر

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت هیچ یەکێکتان بە چەك ئاماژە بۆ براکەی بکات، چونکە لەوەیە شەیتان وایلێبکات لە دەستی دەربچێت، بۆیە دەکەوێتە نێو چاڵێك لە ئاگر».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بەوەی مسوڵمان ئاماژە بۆ برایەکی مسوڵمانی بکات ئینجا بە هەرجۆرێك بێت لە جۆرەکانی چەك، چونکە نازانێت لەوەیە شەیتان وای لێبکات چەکەکە بجوڵێنێت لە دەستیدا، وبراکەی بکوژێت یان ئازاری بدات، بۆیە تووشی تاوانێك دەبێت کە سەرەنجام دەبێتە هۆکاری کەوتنە نێو چاڵێك لە چاڵەکانی دۆزەخ.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66246